# زوڵف له بونیادی شیعره كوردییه‌كانی وه‌فاییدا

م. م. شنو احمد غفور
جامعه كركوك / كليه التربية للعلوم الإنسانية

م . د . ارخوان محمد عبيد
جامعه كركوك / كليه التربية للعلوم الإنسانية

تاريخ استلام البحث ٢٠١٧/٤/٢٠ تاريخ قبول النشر ٢٠١٧/٧/١٠

## - ملخص البحث

يهدف هذا البحث الى دراسة ((الزولف(السالفة)في الاشعار الكردية للشاعر وفائي))،الذي يعد من الشعراء الكلاسكين الصوفين الكورد وقد جاء شعره متضمنا جماليات الوصف التي تتعلق بسوالف المرأة ووظفها في مواضع كثيرة واعطاها مدلولات عديدة وتعد الزلف من الوحدات البنائية المهمة والمؤثرة في بناء اشعار وفائي.وتتضمن البحث ثلاث محاور رئيسية : المحور الاول تتعلق بالزلف في البنية الاسلوبية لشعر وفائي، في ما تناول المحور الثاني الزلف كرمز صوفي واما المحور الثالث فقد درس الزلف كوحدة جمالية عند المراة في شعر وفائي.اعتمدنا في بحثنا هذا على المنهج البنيوي والاسلوبية الاحصائية كمنهج للبحث والهدف من هذا البحث هو كيفية توظيف دالة الزلف في الاشعار الكوردية عند وفائي وقد توصلنا الى عدة نتائج التي ختمنا بها مسار هذا البحث.

## پێشه‌كی :

شیعــر جیهانێكی تێكچڕژاوه له وشه‌ی جوان ،هه‌ڵبه‌ته لــه نێو جه‌نجاڵی وشــه‌و ده‌ربڕینه‌كاندا ،وشه‌یه‌ك یان چه‌ند وشه‌یه‌ك به یه‌كه‌وه ده‌بنه ئه‌و نیشانكاره‌ی(دال) ه‌ی، كه شاعیر سه‌رقاڵی به‌كارخستن وبه‌خشینی مه‌دلولی جیاواز ده‌بێت پێی، له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا (دال )ی ( زوڵف) وه‌كوو یه‌كه‌یه‌كی بونیاتگه‌ر له فه‌زای شیعری ( وه‌فایی ) دا وه‌رده‌گــرین، چونكه لــه پرۆسه‌ی خوێنـــدنه‌وه‌ی شیعـــره‌كانیدا خوێنـــه‌ر سه‌رنجــی بۆ ئه‌و رێــژه زۆره‌ی به‌كارهێنان ودووباره‌بوونه‌وه‌ی وشه‌ی (زوڵف) ڕاده‌كێشرێ وناتوانێت چاوپۆشـــی لێبــكات وبیر له چۆنێتی به‌شدار بوونی ئه‌م داله لـــه نێو پێكهاته‌ی شیعـــره‌كانیدا نه‌كات، بۆیــه ئێمه لێره‌دا كرده‌ی وه‌به‌رهێنانی شیعــر ده‌كه‌ینه ئامانج وله شێوازی به‌شـــداربوونـــی زوڵــف لــه بونیادی ده‌قه‌كاندا ده‌كۆڵینه‌وه.

سنوری توێژینه‌وه‌كه : سنوری توێژینه‌وه‌كه شیعره كوردییه‌كانـــی ( وه‌فایی) یه ولــه‌سێ ته‌وه‌ردا كار له‌سه‌ر ئه‌م شیعرانه كراوه :

١. زوڵف له بونیادی شێوازی شیعره‌كاندا.
٢. زوڵـــف وه‌كـــو نیشانكاریكی (دال)ێكی سۆفییانه .

٣. زولّف ويّنەی ئافرەت لای وەفایی .

ڕێبازی توێژینەوەکە :بە پشت بەستن بە میتۆدی بونیادگەری هەوڵدراوە مامەڵە لە گەڵ بابەتەکە بکـرێ وەکـو یـەکـەیەکــی پێکهێنــەری شیعــری وەفایی وبە سوود وەرگرتن لە شێوازگەری لە چۆنێتی بەکار خستنی ئەم یەکەیە دەدوێین .

– ئامانجی توێژینەوەکە : شیکردنەوەی چۆنییەتی تەوزیف کردنی نیشانکاری (زولّف)لە نێو شیعرە کوردییەکانی (وەفایی)دا وئاسانکردنی ڕێگای بیرکردنەوە لە بەردەم (خوێنەری ئاسایی وخوێنەری شارەزا)بۆ تێگەیشتن لە کردەی ئـەفرانـدن لــەلای وەفایــی ئامانجــی توێژینەوەکەیە.

## دەروازە :

وەکوو پێویستییەکی توێژینەوەکە تیشك خراوەتە سەر هەندێك لایەن لە ژیانی وەفایی ،ئەگەرچی ئێمە لـە نێو خــودی دەقەکـانـدا کار دەکـەین ، بــەلاّم دەشــێ هەندێــك جـار پێویستمـان بە بەستنــەوەی دەقەکـە دەبێـت بـە دەرەوەی دەق ، بۆیە لێرەدا باسی ناسنامەی (وەفایی ) مان کردەوە.

وەفایی وەك زۆربەی شاعیرانی کورد، ژیان وگوزەرانی لە تەم ومـژی ونادیاری بەدەر نییــە، لە دایکبوون وشێوازی ژیانی بەشێکی زۆری شاعیـرانی کلاسیکی کورد هــەر بە ناڕوونـــی ماوەتەوە وەك پێویست سـاغ نەکراوەتەوە، تەنها چەند لایەنێکی سنوردار نەبێت، لە پــاش بلاّبوونەوەی بیــرەوەرییەکانی وەفایی ( تحفە المریدین )، کە بەدەستــی خۆی نوسیویەتی، هەندێك لایەنی ژیانی شاراوەی ئەم شاعیرە ئاشکرا دەبێت.(( وەفایـی نـاوی تـەواوی میـرزا عبـدالرحیمــی کـــوڕی مـــەلا غەفـــوری کـوڕی مەلا نصر الله یە ، سالّــی ( ١٨٤٤) لە دایك بووە ))(١)، وەفایی هەر لە منداڵییەوە، منداڵێکی هەستیار وزیرەك دەرکەوتووە ، لـە تەمەنی دە ساڵییـــەوە دەستی بە شیعر نووسین کـتردووە، بـەلاّم زۆربەی ئەو شیعرانــەی لــە کاتی هێرشی ڕووسەکان بۆ سابلاّغ نووسیویــە لـەنـاو چـــوون، وەفایی لــە مەهابــاد قوتابخانەی هەبووە وزۆربەی منداڵان وشاعیران لای ئەو خوێندویــانە. ســەبارەت بــە خێـزان ومنداڵەکانی وەفایی زانیاری ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە ،بەلاّم حەمەی حەمە باقی دەڵێت(( وەك لە کاك سەلاّحی شێخولئیسلامی کوڕی مامۆستا هێمنـــی شاعیرم بیستووە، گـوایە وەفایـی هەر تەنیا کوڕێکی بە نـاوی "خەیام" هەبووە، کە بەداخەوە ئەم کـــوڕەش شێت بووە،کاك ســەلاّح کاتـی خۆی ئەم هەواڵەی لە باوکی هێمن بیستووە))(٢).

ئــەوەی گرنگ بێــت لــە ژیانــی وەفاییدا بیرەوەرییەکانێتی بە ناوی "تحفە المریدین"ە، ئەم بەرهەمە لە بنەڕەتدا بە زمانی فارسی نووسراوە، لــەساڵی "١٨٩٥"دا لەســەرداوای شـێـخ عبدالقــادری کوری شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهــری نووســراون، کـــە لــە ئەستەنبولەوە داوا لە وەفایــی دەکات ،ئەگەر بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە ،ئەوە لەئەستەنبول بۆی چاپ دەکـات.

وەفایی بۆ ماوەی چواردە ساڵ نووسەر وڕازگر ومیرزای تایبەتی شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهری بووە،ئەوەندەش جیگـای متمــانەی شێــخ بووە، کە لە زۆربەی کێشە سیاسییـە گرنگەکاندا نوێنەری تایبەتی شێخ بووە،پەیوەندی نێوانیان زۆر بە هێــز بووە،

تەنانـــەت دوای مردنـــی شێخی نەهری وەفایی قەسیدەیەکـــی ئێجگـــار جوانی بۆ شێخ نووسیوە، لـــە دوای مردنـــی شێخـــی نەهـــری وەفایـــی بۆ ماوەی هەشت ساڵ چـــاوی بە بنەماڵەی شێخ ناکەوێ،پاشان بەقەرز کردنی بڕێك پارە دەچێتە (تائیف) بۆسەردانی شێـــخ عەبدولقـــادری کوڕی شیخـــی نەهری ،چەند غەزەلێکیشی لە حزوری شێخدا نووسیوە.سەبارەت جیاواز هەیە بەڵام ئەوەی دوودڵی وگومـــان ناهێڵێ بۆچوونەکەی" پـــیرەمێـــرد"ی شاعیرە کە دەڵێت(( پاش گەڕانەوەمان لەحەج ساڵـــــی "١٨٩٩" لەرێگـــای عەرەبستانـــــــی سعودی وەفایی کۆچی دوای دەکات وبەدەستی خۆم لە لمی چۆڵی عەرەبستاندا ناشتوومـە ))(٣)، وەفایی هەروەکو نالی وچەندان شاعیری تری کورد دوور لەنیشتیمان بۆ هەتا هەتایە سەریان نایەوە.دوور لەنیشتیمان بۆ هەتا هەتایە سەریان نایەوە.

## زوڵف لە بونیادی شێوازی شیعرەکاندا :

دەقی ئەدەبی یەکەیەکی زمانییە دەکەوێتە بەر خوێندنەوەی وەرگر، ئەم یەکە زمانییە جەستەو روحە، جەستەکەی فۆرمە بینراوەکەیەتی واتە :بەشە مادديیەکەیەتی، روحەکەشی ئەو سۆزەیە ،کە لە نێو دەقدایە وکاریگەری دەخاتە سەر وەرگر و لە دەلالەتدا بەرجەستە دەبێت ، ئەم جەستەو روحە شێوازێك پێك دێنن ، کە بە رێگایەکی تایبەتی بونیادنراوە ، ئێمە لێرەدا لە بونیادی شێوازی بەکارهێنانی یەك ئۆرگانی جەستەی دەق دەکۆڵینەوە ئەویش "زوڵف" ە، کە لە شێوازی نووسینی شیعری وەفایی دا خۆی دووپاتدەکاتەوە وبەردەوام دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەرو گوێی بیسەر، چونکە هەر نووسەرێك خاوەن رێگایەکی تایبەتە لە چۆنییەتی نووسیندا، ئەم رێگایەش شێوازی نووسەری پێی دەگووترێ "ریفاتێر"* دەڵێت : (شێواز خودی دەقە)(٤) واتا لە فۆرمی هەر غەزەل وقەسیدەیەکی وەفاییدا شێوازێك هەیە، کە خودی ئەو غەزەلە یان ئەو قەسیدەیەیە ، جا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی گشتیدا شێوازی نووسەر بدۆزیتەوە، پێویستە لە بونیادی تاك شێوازی دەقە جیاوازەکانی نووسەرەکە بکۆڵرێتەوە، تاکو لە کۆتاییدا لە هەر دەقێکەوە وێنەیەکی بچووکی وێنە گەورەکەی شێوازی نووسەرەکە دەربکەوێ .

لەم باسەدا وێنە بچووکەکانی "زوڵف" لە دەقە جیاوازەکانی "وەفایی" دا کۆدەکەینەوە وشێوازی "وەفایی " لە بەکارهێنانی ئەم یەکە زمانییە دەستنیشان دەکەین .

بۆ ئەم مەبەستەش هەژماردنمان بۆ دووبارە بوونەوەی ئەم یەکە زمانییە لە شیعرە کوردییەکانی وەفاییدا کرد ، کە لە کۆی (١٢٢) پارچە شیعری (غەزەل وقەسیدە) و (٩) پێنج خشتەکییدا (٣٤٧) جار وشەی (زولف)بەکارهاتووەبەبێ حسێبکردنی وشەکانی گێسوو پەرچەم و هتد. هەروەها لە کۆی (١٥) تاك بەیتدا (٩)جار وشەی( زوڵف ) بەکارهاتووە ، لە زانستی شێوازدا (سیاق ومانا بەهای وشە دیاری دەکات )(٥) بۆیە بە پێویستمان زانی یەکەی زوڵف لە نێو بونیادی سیاق ومانا جیاوازەکاندا شیبکەنەوە وپاشان کاریگەری ئەم دووپاتبوونەوەی (زوڵف) ە لەسەر ئاستی دەنگ باس بکەین ، بۆ ئەم مەبەستەش بابەتەکەمان دابەش دەکەین بە سەر دوو لایەندا :

أ – شيـوازی بــه كارهێنانی زوڵف له دەقه كـوردییەكانی وەفاییــدا.

ب – كاریگەری دووباره بوونەوەی زوڵف له سەر ئاوازی شیعرەكان .

## أ – شێوازی به كارهێنانی زوڵف :

له هۆنراوەكانی وەفاییدا زوڵف تۆرێكــی پەیوەنــدی له گــەڵ چەندیــن وشەی جیاوازدا دروست كردووه ، (جولیاكرستیفا )** دەڵێ ( یەكەی دووباره بوو واتای دیكه به گوتار دەبەخشــێ )(٦) لێــرەدا یەكەی دووباره بووی زوڵــف واتای تازه له رێگــای ئەو تۆره پەیوەندییه دروســـت دەكـــات ، كه تێـدا هەر جارەو ئەرك وبەهایەكی زوڵف پیشاندراوە، بێگومان له لای ( وەفایـــــی ) زوڵــف بــەدەر نییـه لــەو شێــوازه كلاسیكییـــەی ، كـه بـۆ بەكارهێنانـــی لـــه وێنەی شیعری كلاسیكیدا پەیڕەو كراوه ، ، كه دووبارەیه و شێوازێكی باوی دروست كردنی وێنەیه له شیعری كلاسیكیدا بۆ نموونه: جزیری دەڵێ :

–نامی عەنبەر شەكەنی بێت ژ عەنبەر مەكه بەحث

بل ژوی سلسله ئـو زولفی مـو عەنبـەر مەكـه بەحث.(٧) .

نالی یش دەڵــێ : سەرگــرانه قافڵه سالاری رێی چیــن وخـــــەتا

چونكـــــه بـــاری عەنبــــەر ومیسكــــه لــــه زوڵفینـــــی دوتـا (٨) .

وەفایی ش دەڵێ : با به جارێك تێك نەچێ كاری دڵ ودین روحەكــــەم

واپەرێشانی مەفەرموو زوڵفی عەنبەر باری خۆت ( د. وەفایی .ل٦٢) .

(جزیری) كەزی وزوڵفـــی زنجیرەیی یـــار عەنبـــەراوی دەكات وله عەنبـــەری بـــه خۆشـتر دادەنـــێ،

(نالی) یش عەنبەر ومیسك له زوڵفی دوتادا و (وەفایی) یش عەنبەر له زوڵفی پەرێشانادەبارێنن .

یەكێك له شێوازه باوەكانی شیعری كلاسیـــك بەخشینی بۆنـــی عەنبـــەر ومیسكـــه به زوڵــف وگێسوو له لای زۆربەی شاعیـرانی كلاسیك، ئـــەم شێوازه هەیه و دووباره بۆتەوه و بـــووه بـــه شێوازێكی گشتی له شیعری كلاسیكیدا ، یاخود چەند شێوازێكی دیكەی دووباره بوو هەیه له بەكارهێنانی زوڵف له شیعری كلاسیكیدا ، وەك : زوڵف شەوەو تاریكییه، روو مانـــــگەو روناكییه، یاخود زوڵفی سیا ورەش مار ، زوڵفی حەلقه حەلقه و زوڵفی داو دانەی خاڵ وزوڵفی دووپشك ...هتد ئەمانه هەمووی شێوازی دووباره بووی نێو دیوانی شاعیره كلاسیكەكانه ، (وەفایی) ش یەكێكه لەوان، بەڵام ئێمه لێرەدا هەوڵدەدەین زیاتر ئەو لادانانەی له شێوازی باوی بەكارهێنانی زوڵف دا لای وەفایی هەیه، تیشكی بخەینه سەر .چونكه شێواز بریتییه:(( لەو توانایەی ،كه پەیوەسته به تاكی كۆمەڵەوەو ئارەزوومەندانه رستەی نوێ له بۆنه جیاوازەكاندا بەرهەم دەهێنێت ))(٩)، لەم باسەدا ئەو رسته نوێیانەی، كەلەلای وەفایی دا له میانی پەیوەندییەكانی زوڵفدا هەیه بابەتی سەرەكییه له پاڵ شێوازه باوەكاندا،چونكه بونیادی

شێوازی لەلای وەفایی لە ڕێگای ئەم ڕستەو وێنە نوێیانەوە بەرجەستە دەبێت، ئەو کێڵگە پەیوەندییانە، کەزوڵف دروستی دەکات بریتین لە :

## ١– زوڵف وبەشەکانی جەستەی مرۆڤ :

لەلای وەفایی زوڵف وەکوو ئەندامە شوێنێکی جەستە چەقی پەیوەندییە لە گەڵ چەند ئەندامە شوێنێکی دیکەی جەستە و چۆنێتی بینینی وەفایی بۆ ئەم پەیوەندییە وێنەی دروست کردووە، ئەم وێنانەش بونیادی شێوازی لە بەکار خستنی زوڵف لای وەفایی بەرجەستە دەکەن ،ئەو بەشانەی جەستە، کە زوڵف لای وەفایی لە گەڵیدا لە پەیوەندی دایە بریتین لە :( دەموچاو، دڵ، چاو ،شان ومل، دەم ،برو، سینە، کەمەر، باڵا) ڕێژەی نزیکراوەیی بەکارهێنانی ئەم پەیوەندیانەش لە هۆنراوە کوردییەکانی وەفاییدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە :( زوڵف یان دەموچاو  عاریز وروخ ٥١ جار، زوڵف ودڵ ١٢جار، زوڵف وچاو نیگا١١جار، زوڵف وشان ومل ٧جار، زوڵف دەم ٥جار، زوڵف وبرۆ ٥جار، زوڵف وکەمەر وباڵا ٤جار، زوڵف وسینە ٣جار) دووبارە بوونەتەوە. هەندێك لەو پەیوەندییانەی ،کە زوڵف وعاریز پێکەوە گرێ دەدات لە لای وەفایی بریتین لە :

– ئاو لە چاوانم لەبەر زوڵف وعیزارت دێنە خوار

دووکەڵی ئەو مەجمەرە هەردەم لە گریانم دەکا . ( د. وەفایـــی .ل٤٠) .

لێرەدا روخساری یار (مەجمەرە)ئاگرە  و (زوڵف ) دووکەڵی ئەو ئاگرەیە، واتا ئەگەر جوانی (عاریز ) کە وەکوو ئاگر شاعیر دەسووتێنیٚ نەبووایە، ئەوە دووکەڵی ئەو ئاگرەش ،کەزوڵفە ئاوی لە چاوی شاعیر نەدەهێنایە خوار ،واتا لێرەدا زوڵف پاشکـــۆیی عاریـــزە. بەڵام لە شوێنێکی دیکەدا عاریز دەبێتە پاشکۆیی زوڵف ، دەڵێت :

– زووڵف ڕووی داپۆشی ئەبرۆت عەرەق ناکە

ڕۆژیان لێ کردوومە بەشەو وبە ماه وپەروینت . (د.وەفایی .ل٦٥).

لێرەدا زوڵفی ڕەش ،کە ڕوو دادەپۆشی ڕۆژ دەکا بەشەو، بەڵام کە شەو دێت ئەمجارە لە نێو ڕەشایی شەودا جوانی مانگ ،کە ڕووی یارە دەردەکەویٚ، بێگومان لە نێو تاریکـــی شەودا جوانی مانگ بەرجەستە دەبێت ، ئەگەر شەو نەبووایە مانگیـــش ئەو جوانییـــەی نەدەبوو، بۆیە زوڵف لەم دێڕەدا هۆی دەرخستنی جوانی ڕووی یارە، لێرەدا ڕووی یـار جارێك ڕۆژەو جارێك مانـــگ و لە هەردوو حاڵەتدا (زوڵـف) دۆخی ڕووی گۆڕیوە ، بـــەم شێوەیەی خوارەوە :

– ڕووی یار ← ڕۆژە  دایدەپۆشی ← زوڵف

– ڕووی یار ← مانگە  دەریدەخا ← زوڵف .

وەفایی لە دێڕێکی تردا دەڵیٚ :

– گاهیٚ موتریب گاهیٚ ساقی ، من فیدای زوڵف ورروخت

کوفرو ئیمان لێکدەدەی سەرخۆش بە نەغمەو تاری خۆت .(د.وەفایی .ل٦١).

لێرەدا زوڵف وڕوو دوو جەمسەری دژ بە یەکن ، هەروەك چۆن کوفرو ئیمانیش دوو بیرکردنەوەی دژ بە یەکن ، واتە دژو پێچەوانەن، مەبەست لە دژو پێچەوانە ((دەربڕینی وێنەی شت ودیاردەکان، هی ئەو شتانەی دژ بە یەکن ، یان ناکۆکییەکی ناوەکیان لە ڕووی ماناو بیرەوە هەیە ))(١٠) زوڵف کوفرە، ڕوو ئیمانە، بەڵام کە کوفرو ئیمان هەردووك پێکەوە بن، ئەوە مرۆڤ دەخاتە نێو حاڵەتی بێ ئاگاییەوە (اللاوعی) واتا لە پشت داڵی (زوڵف وڕوو)ەوە وەفایی دەریایەك والاّ دەکات بۆ بیرکردنەوە لە حەقیقەتی (بوون ونەبوون ، بڕواو بێ بڕوایی وئاگایی وبێ ئاگایی ).

لە شیعری کلاسیکیدا بە گشتی و لەلای وەفایی بە تایبەتی ( زوڵف وڕوو ) زۆر جار (تەواکەر یان پاشکۆیی ) یەکترن ، یاخود دژیەکن ، کەم جار لە یەك ئاستدا هەردووکیان بە یەکەوە دێن ، بەڵام وەفایی لە دێڕێکدا هاوشانی یەکتریانی کردووە، دەڵێت :

- کە تۆ هاتی بە گوڵشەندا لە شەرمی زوڵف وڕووی تۆ بوون
وەنەوشەو گوڵ سەراسەر غەرقی خوێن ، مات وسەر ئەفکەندە . (د.وەفایی .ل٢١٢).

لێرەدا (وەنەوشەو وگوڵ) شەرم لە زووڵف وڕوو دەکەن ، زووڵف وڕوو هیچ پەیوەندییەك بە یەکەوە نایانبەستێتەوە، جگە لەوەی کە هەردووکیان جوانیان بە یار بەخشیوە ، ئەو جوانییەش بۆتە مایەی دروست بوونی (جوانی بایز)*** لە لای وەفایی، چونکە کاتێ کە وەنەوشە سەری دانواندووە گوڵ لە سووری ڕەنگەکەیدا غەرقی خوێنە ، هۆکارەکەی سروشتی ئەو دوو گوڵەیە نەك شەرم کردن لە زووڵف وڕووی یار ، بەڵام لێرەدا گەورەیی زوڵف وڕوو بە یەکەوە دەردەخا، کاتێ کە سروشت شەرمەزاریان دەبێت لە بەر ئەوەی زوڵف وڕوو هەردووك شکۆدارن .

هەر لە بارەی پەیوەندییەکانی زوڵف وڕوو وەفایی دەڵێت :

- زوڵفی تورکانە لەسەر عاریزی یار
ئەوە چەتری سوڵتانی گوڵە . ( د. وەفایی .ل٢٣٨)

زوڵف لێرەدا چەتری سوڵتانە ،"سوڵتانەکەشـی عاریـــزی یـــارە، کە وەکوو گــوڵ وزوڵـــف دەیپارێزێ ، واتا لێرەدا زوڵف بووە پارێزەری ڕوو، هەروەها زوڵف عاشقی (ڕوو) ە کاتێ کە دەڵێت :

ئەگەر زوڵف وەکوو من عاشقی ڕووی تۆ نییە بۆچی
سەراپا تێك چووە کەوتۆتە بەرپێت دەست ودامانە.(د.وەفایی .ل٢٥٥).

لێرەدا ڕوو عاشقی زوڵفە، بۆیە هەمیشە دەستبەرداری نابێت و لە ژێر پێیدا کەوتـــووە، بـــە گشتـــی هێڵـــی ئـــەو پەیوەندییانەی کە لای وەفایی لە نێوان زوڵف وڕوودا هەیە بریتیـن لە ( زوڵف پاشکۆی عاریـــزە ، عاریـز پاشکۆی زوڵفە ، زوولف وڕوو دوو چەمسەری دژ یەکن ، زوولف ملکەچی ڕووە ، زوڵف عاشق وپارێزەری ڕووە ، هاوشانی یەکترن ) .

سەرەڕای ئەو پەیوەندییانـــەی ،کە زوڵف لە گـــەڵ ڕوودا هەیەتی لــــە گەڵ چەند ئەندامێکـــی دیکەشدا هەیەتی، وەفایی لە بارەی پەیوەندی (زوڵف ودڵ )ەوە زۆر جار زوڵفی کردووە بە زنجیر ودڵی پێ بەستۆتەوە، یاخود دڵی ئەسیری زوڵفە وکوژراوی دەستـــــی ڕووەو لـــە گـــەڵ ئەوەشدا زۆر جار دڵی بە فیدای زوڵف کردووە، بڕوانە ئەم دێڕانەی خوارەوە :

- داد له بەر حوسنـی فیتنـه جۆ ، دلم دا زوڵــف وئەبـرۆی تـۆ

له لایێ زوننار به دۆشم ،لەلایێ ڕوو به میحرابم (د.وەفایی .ل٩٣).

(دلێ) ی دڵدار پێشکەشی زوڵف وبرۆ کراوە، زوڵف (دلێ) دەکا به مەسیحی، چونکه زوننارى له مل دەکا ،بەلأم ئەبرۆ (دلێ) ی دڵدار پڕ دەکات له نوری ئیسلام وله ژێر میحرابی ئیسلامدا دەیهێڵێتەوە، له شێوازی ئەم دێڕەدا ئەوەی کۆنترۆڵی واتا دەکا کولتووری ئاینییە، ئاینـــی مەسیحی وئیسلام که بوونەته بناغەی بونیادی واتایی دێڕەکه.

دلێ که کوشتەی روخیه بەستەیی زولفەدەگـری

شەوی هیجرانه دەڵێی ناڵەیی مورغی چەمەنه.(د.وەفایی .ل٢٨٦).

(زوڵف) (دلێ)ی زنجیر کردووە وبەستوویەتییـــەوە، روخســـاریـش دڵەکـــەی کوشتوە، واته دوو ئەندامه جەستەی مرۆڤ که زوڵف وڕووخه پێکـــەوە بوونـــه بـــه هۆکاری ئازاردانی ئەندامێکـــی دیکـه کـــه (دلێ) ە، ئەوەی جێگای سەرنجه له شیعری کلاسیکـی کوردیـــدا ئەنـــدامەکـــانـی جەستەی مرۆڤ زیاتر به دوو شێوە به یەکەوە دێن، یەکەمیان ئەندامەکان تەواوکـەری جوانیـــن واتا هەر ئەندامێکیان جوانییەکی هەیەو بەشداره له درووست بوونی وێنەی جوانییه گەورەکه،

دوومیان ململانێ نێوان ئەندامەکان له ڕووی جوانی وباشی وکاریگەرییەوە، بێگومان هـــەر ئۆرگانێکی نێو دەق ئەرکێکی هەیە، ئەندامه شوێنەکانی جەســتەی مرۆڤیـــش له لای وەفایی له گەڵ زوڵفدا ئەرك دەبینن ، واتـــه هەر توخمێك ئەرکێك دەبینێ، ئەمەش پێێ دەڵێن:( کارنامه یاخود ئەرك )، ئـەم زاراوەیـه (( بـــەو رۆڵـه دەوترێ که هەموو ڕەگەزێك له ڕەگەزەکانی ئاخاوتن دەیبینێ وپەیوەندی به ڕەگەزەکانی پێکهاتەی ترەوە هەیە ))(١١) ، بۆ نموونه ئێمـه وشـــەی (چاو ،نیگا ، موژە ) مان هەیە، که له نێو سیاقی دەقدا پەیوەندی له گەڵ زوڵفدا هەیە ، وەفایی دەڵێ :

- بەو زوڵف وموژە مەمکوژە هەردەم به جەفایێ

جارێ له تەنافم مەدە ،جارێ له قەنارە . (د.وەفایی .ل٢١٨).

ئەوەی لێرەدا زوڵف وموژە پێکەوە ئامادە دەکات ،ئەو ئەرکەیە، که هەردوو ئەندام ئەنجـــــامی دەدەن (زوڵف) ئەرکی پەت دەبینێ وملی وەفایی دەکاته ئامانـــج و( موژە ) ش ئەرکی قولابـــی پێی بەخشراوە ،که شاعیری پێ گیرۆدە دەکات ، واته جوانی زوڵف وموژە گواستنەوەی تێدا کراوە و له ئەرکی جوانییەوە گۆڕاوە بۆ ئەرکی ناشرینی، ناشرینییەکـــەی له خراپەکاری ئەرکی زوڵف وموژەیە.

له دێڕێکی دیکەدا دەڵێت :

دڵم جەزبی نیگاهت خستیه زوڵفان ،ئەی خودا روحمێ

به بەندی جادووان وا کەوت غەریبی دوور وڵاتی من .(د.وەفایی .ل١٦٠).

لێرەدا وشەی (چاو) لە نێو دەقەکەدا نەهاتووە ، بەڵکو وشەی (نیگاهت) بەکار هاتووە، بەڵام وشەی (نیگاه) لە پەیوەندیدایە لە گـــەڵ چەند وشەیـەکـــی دەرەوەی دەق وەك ( چاو، موژە، شێـــوازی تماشاکـــردن، گۆشەنیگا، جوانی ...هتد). ئەم وشانە لە گەڵ وشەی نیگادا لـــە مێشکی وەرگر ئامادە دەبن و لە نێو سیاقدا مانا دەدۆزنەوە، لێرەدا (نیگاهی) یار (دل)ی وەفایی ڕاکێشاوە، لە ئەنجامدا خستیەتی نێو داوی زوڵفەوە وبەندی کردووە، واتا لێرەدا ئەرکـی ( چاو ونیـگاه) ئەرکـــی ئەو (دان) ە یان بینیـــوە ، کە باڵنـــدەی پێ فریو ئەدرێ .

بە گشتی زوڵف لە بەر سروشتی پێك چووی بە (تاڵ ،پەت ،مار ،دەزوو....هتـد) لە ڕووی ئەرکەوە لە لای وەفایی ئەرکی بەستنەوەو ئاڵودە کردن ولوول وپێـچ خواردن بـــە دەوری ئەندامەکانی جەستەی مـــرۆڤدا دەبینێ وبەو شێوەیە لە بونیادی دەقەکاندا ئەرك دەبینێ. بۆ نموونە :

زوڵف لەگەڵ( گەردن، سینە، کەمەر) ی مرۆڤدا ئەرکی بەستنەوەو لوول خواردن بە دەوریاندا دەبینێ :

١_ بە تیری غەمزە بملاوێنەوە زوڵفم لە گەردن کە

بەسەر هاتوومە مەیدانت بە دڵ بۆت بوومە نیشانە.( د.وەفایی .ل ٢٥٤).

٢_ لەسەرچاکی یەخەی زوڵفی لە قوببەی سینە ئاڵاوە

لە گۆشەی دوو ئوفوق نەمدیوە شەو دوومانگی نووراني .(د.وەفایی .ل٣٣٢).

٣_ گەنجینەی تەلیسمی هەیە بەو چاوە لەسەر هێچ

وەجهـی چییەئاشوفتەیە زوڵـــف لـە کەمەردا .( د.وەفایی . ل٢٦).

٤_ چونکە دڵ عاشق بە ئەبرۆی بوو بە دوای زوڵفی بەست

حەقیـە زنجیـــری بکـــا دێوانەیـــی ماهـی نەوە .( د.وەفایی . ل٢٨٥).

لە نموونەی یەکەمدا لە ئەنجامی پێکانی دڵ لە لایەن تیری غەمزەوە زوڵف لـە گـــەردن ئاڵاوە و لە دووەمدا لە ئەنجامی درزی یەخەی یارەوە وەفایی زوڵـفی بینیـــوە بە دەوری سینـــەی یاردا ئاڵاوە و شەوێکی نائاسایی درووست کردووە، چونکە دوو مانـگ لـــە نێو ئەو شـــەوەدا دیـــارن، واتە لێـــرەدا زوڵف دوو ئەرکی بینی لە لایەك بە دەوری سینـــەدا ئاڵاوە لە لایەکی تـــر ڕەشـی زوڵفەکە ئەرکی نیشاندانی جوانـی سینەی یاری بینـی و لە دێڕی سێیەمدا زوڵـــف بـــە دەوری کەمەردا ئاڵاوە ولە چوارەمیشدا زوڵف بۆتە هۆی بەستنەوەی ئەو عاشقە شێتەی، کە عاشقـــی مانگی تازەی یار بووە، واتا عاشقی برۆیی بووە، بۆیە دەبـێ وەکـــو شێـــت بە زنجیری زوڵـف ببەسترێتەوە، ئەو کارانەی کە زوڵف لەو دێڕانەی سەرەوە کردوویەتی بریتین لە :(لە مل کردن ، ئاڵاوە بە دەوری سینەدا، ئاشوفتەیە ئاڵاوە بە دەوری کەمەردا ،عاشقی بەستۆتەوە ). زوڵف لە بونیادی نێو دەقدا بۆتە ئەو یەکەیەی کە هۆکارە بۆ هێنانی بەشە ئاخاوتنی (کار) ئەمەش پەیوەندی بەو ئەرکەوە هەیە ، کە زوڵف لەم دێڕانەی سەرەوەدا بینیوویەتی.

له كــۆتا پەیوەنــدی ( زوڵف ) له گــەڵ ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤدا له لای وەفایی باســی (زوڵف ودەم ) دەكەین ، شاعیر (٥) جار زوڵف ودەمی له دێڕەكاندا به یەكەوە دێنێــت و لــه چوارياندا زولفی حەڵقه حەڵقه ودەمی بچووك پێكەوە بوونەتە هۆكـاری سەرنـــج ڕاكێشانـــی شاعیر، تەنها له یەك دێڕدا لەم شێوازە داڕشتنه لایداوە كاتێ دەڵێ :

- چت له وەسڵی زوڵفی من ؟فەرموو وەفایی ها دەمم
 تالیبی عەیشی ئەبەد بە ، عومری دونیا فانییە .(د.وەفایی .ل٢٩١).

لەم دێڕەدا (یار) بەهای توخمەكانی نێو دەق دیاری دەكات وپەیـــام ئاڕاستـــەی وەفایــی دەكات و (دەم) له (زوڵف ) بە بەهاتر له قەڵەمدەدا و بە نیشانەیی بەردەوامــی (خلـود)ی دادەنێ، بنەچەی ئەم جۆرە شێوازە پەیوەندی له گەڵ شێوازی سۆفیانەی شیعر نووسین هەیە، كه له بابەتی دووەمدا باسی دەكەین :

## أ–٢:زوڵف وشێوەكانی زوڵف :

له ڕووی جۆر وشێوەی (زوڵف ) ەوە له لای وەفایی زوڵف چەند دەرەكەوتەیەكی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە :

(زوڵفی حەڵقەحەڵقە١٤جار، زوڵفی پەرێشان١٨جار،زوڵفی سیاه١٧جار، زوڵفی عەنبەرین٨جار، زوڵفی لوول وشكستە ٩جار ،سەری زوڵف٢٠جار،زوڵفی تاتا٢٥جار، زوڵفی خاو٩جار، زوڵفی درێژ ١٩جار) دووبارەبوونەتەوە.

ئەم جۆرو شێوازانەی زوڵف بەشدارن له بونیادی دەقەكانی وەفاییدا ، بێگومان (( ڕەنگدانەوەی چەمكی بونیاد، شێوازی هونەریی بەرهەمەكەیە))(١٢) و لێرەشدا جۆرو شێوەی زوڵف له بونیادی شێوازی هونەری بەرهەمەكاندا بەشدارن بۆ نموونە :

_ سەبەبی زوڵفی شێواوە حوسنی ڕوو مەدەدی پێداوە
 من كەوا ڕۆژم بۆتە شەو كە بەرۆژی ڕەش داماوم .(د.وەفایی .ل١٢٩ ).

زوڵفی شێواو لێرەدا بۆتە هۆی دروست بوونی شێوازێكی هونەری له نێو دەقدا كه (دابەشكردنە)ە ، دابەشكردن ((بریتییە له باسكردنی چەند شتێك ،دوای ئەوە بە دەستنیشانكردن ئەوە بخەیە پاڵ هەر یەكێكیان كه هی خۆیەتی ))(١٣)، لەم دێڕەدا وەفایی دووشتی باس كردووە (زوڵف وڕوو) ە بە دەستنیشانكردنی سیفەتەكانی نەخستۆتە پاڵ، بەڵكو دژیەكی (ڕۆژو شەو) ی هێناوە وبەناڕێكی داناون وەكو هونەری پێچ وكردنەوە، ئەركی دابەشكردنی سیفەتەكانی بۆ وەرگر بۆ بەجێهێشتووە، واتا وەرگر خۆی دەزانێ ڕۆژی وەفایی بە هۆی (ڕوو)ەوە و(شەو)ی بە هۆی زوڵفە درووست بووە و له دەقەكەدا وەفایی خۆی دابەشی نەكردووە، واتە لادانی له دابەشكردنەكەش كردووە.

شایەنی باسە هونەری نێو ئەم دەقە سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشێ، بۆ ئەوەی كه لەم دێڕەدا هونەری پێچان وكردنەوەی بەكار هاتبێ ، بەڵام له ڕاستیدا هیچ كام له هونەرەكان بە پێی پێناسەكان پراكتیك ناكرێ ، بۆیە باشترین هونەر كه نزیك بێت له شێوازەكەوە، دابەشكردن بوو ئەویش بە لادانەوە.

له دێڕێكی دیكەدا زوڵفی خاو بۆتە هۆی دروست بوونی (تێل نیشان) كاتیّ دەڵێت :

جانی عەزیزم بەسەری  زوڵفی خاو

یووسفی دڵ چی دی لە زیندان مەكە .(د.وەفایی .ل٢٣٢).

واتا لێرەدا زوڵفی خاو بەشێك بوو لە بونیادی هونەری نێو دەق وهۆكاری زیندانی كردنی یووسفە، ئەمەش ئاماژە كردنە بە چیرۆكی زیندانی كردنی حەزرەتی (یووسف).

هەروەها لە دێڕێكی دیكەدا زوڵف بەشێكە لە پێكهاتەی وێنەیەكی هەستی، وێنەی هەستیش ((ئەو وێنانە دەگرنەوە كەبەر یەكێك لە پێنج هەستەكانی مرۆڤ دەكەون ))، وەفایی دەلێت:

هەزار تا زوڵفی وەك سازێك بەناز بوو نەغمە پەروازێك

كە هەر سازە بە ئاوازێك دوو دونیای پڕ لە غەوغا كرد .(د.وەفایی .ل٦٧).

لێرەدا زوڵفی تاتا بوو بە ساز وبەشدار بوو لە بەرهەم هێنانی دەنگ ووێنەی دەنگی نێو دەق ،كە وەرگر لە ڕێگای بیستنەوە وێنای دۆخەكە دەكا .

بە كورتی جۆرو شێوەكانی زوڵف وەكو یەكەیەكی بونیادی لە نێو شێوازی هونەری دەقەكاندا ئەرك دەبینن وپێكهاتەی شێوازین لە نێو دەقدا

أ–٣: زوڵف وئاخ وئازار :

سەرچاوەكانی خەم وئازار لە شیعری كلاسیكیدا زۆرن، لەلای (وەفایی)یش یەكێك لەو بابەتە خەم هێنەرانە (زوڵف)ە كە كاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر وەرگرەكانی هەیە، كە لای وەفایی (٢٣)جار بابەتی خەم وئازاری زوڵف دووبرە بۆتەوە، سەبارەت بە شیعرەكانی وەفایی گوتراوە ((شیعری وەفایی سەر لە بەری (لیریك )ە، لیریك وەكوو چەمك وتێگەیشتن بریتییە: لە ڕەنگدانەوەی سۆزو هەست ونەستی ناخ ودەروونی تاكی شاعیر لە ئاست ڕواڵەتەكانی ژیان وبوون، ئینجا دەبێت هەر شێواز وزمان وفەرهەنگی عاشقانە ببێتە هەوێنی ئەو بەستێنەی كەوا هەست ونەستەكانی شاعیری تێدا دەمەیێت))(١٤) ، لەشیعرەكانی وەفایی دا ئاخ وئازاری تاكە كەسی شاعیر لە چەندین دەقدا هەستی پێدەكرێت، جگە لەوەش زولفیش وەفایی سۆفی ودڵدار ئازار دەدات ودەبێتە ئەو بەستێنەی كە هەست ونەستی شاعیر دەمەێنێت، بۆنموونە:

بەداخی زوڵف وخاڵی تۆ قەتارەی بەستووە فرمێسكم

خەیاڵی چین وماچینی لەسەردا كاروانی من .(د.وەفایی .ل١٦٥).

واتا ئازاریی (زوڵف وخاڵ) مایەیی نامۆ بوونی مرۆڤە تەنانەت لە (شوێن)یشی، بۆیە قەتارەی فرمێسكی شاعیر كە وەكوو زوڵفی درێژە خەیاڵی چوونی بۆ شاری چین و ماچین هەیە كە هێندەی خاڵەكەی دوورە .

ئێمە لە زۆربەی دێڕەکانی وەفایی دا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە زوڵف ئەو داوەیە کە شاعیر  یان هەر بەشێك لە ئەندامەکانی جەستەی پێ گەمارۆ دەدرێ و لە تۆڕی زوڵفدا دەئاڵێن، ئەم زیندانی زوڵفەش زۆر جار سەرچاوەی ئازار هێنانە. بۆ نموونە:

دەم بە دەم ناڵەی وەفایی دێ لە حەڵقەی زوڵفەکەت

جارێکی نابێ بپرسی حاڵی شەو بێداری خۆت .(د.وەفایی .ل٦٣).

هەموو ئەو دێڕانەی وەفایی، کە باس لە ئاخ وئازاری زوڵف دەکەن دەشێ وەکو تۆمارێکی دەروونی نێو ناخی شاعیر تەماشا بکرێ، کە لە ساتە وەختێکی دیاریکراودا تومارکراوە، لە دێڕەکەی سەرەوەدا حاڵی وەفایی لە شەودا وێنا کراوە، کە شەو نخونی دەکا وهەردەم ناڵە ناڵی دێ.

### أ-٤: جووڵەی زوڵف :

ئەو جولآنەی کە لای وەفایی دراوەتە پاڵ زوڵف لە دوو شێوەدا دەردەکەوێ :

١- لادانی زوڵف کە ١٥جار دووبارە بۆتەوە.

٢:بە بادان وبادانی زوڵف کە ٥جار دووبارە بۆتەوە.

بۆ نموونە وەفایی دەڵێت :

-باخ دەبێ هەر گوڵ فرۆش بێ ، یار کە دێتە پێکەنین

با دەبێ عەنبەر بە بادا، ئەو کە زوڵفان با دەدا .(د.وەفایی .ل٣٤).

-زوڵفی لادا هەر بە ئومێدبووم کە ڕۆژ ئاوابێ

ماڵی من وێران بوو عومری من چوو ڕۆژئاوا نەبوو.(د.وەفایی .ل١٨١).

لەو دێڕانەی سەرەوەدا شاعیر پشتی بە کار بەستووە، لە بونیادی دەقەکاندا بۆ نموونەلە یەکەمیان (دەبێ، فرۆش بێ، دێتە، دەبێ، بەبادا ) ولە دووەمدا (لادا، بووم، ئاوابێ، بوو، چوو، نەبوو ) ئەم ڕێژە زۆرە لە کار بۆتە هۆی درووست بوونی جووڵەیەکی خێرا لە نێو دەقەکەدا، هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا ئەو جووڵآنەی کە دراوەتە پاڵ زوڵف بوونەتە هۆکاری دروست بوونی وێنەی جووڵآو، ولە وێنەی جووڵآودا ((کردار ڕووی دیاری جووڵەی وێنەی هونەرییە، جووڵەش تەنها ئەو پێوەرە نییە، کە جیاوازی لە نێوان وەستاو وگۆڕاودا دەکات ،بەڵکو ئەو کەناڵەیە کە بەردەوامی بە وێنە دەدات ))(١٥) لە یەکەمیاندا جووڵەیەکی خولانەوەیی لە ڕێگای بادانی زوڵفەوە دروست بووە وبۆتە هۆی پەخش بوون وبڵآوبوونەوەی بۆنی عەنبەر، لە دووەمیشدا وەفایی کێشەیەکی ناوەتەوە، چونکە زوڵف جووڵەی پێ دەکرێ ولا دەدرێ، بەڵآم کە زوڵف لا دەدرێ لە شیعری کلاسیکدا کوڵمی یار دەردەکەوێ، کەچی لێرەدا وەفایی چاوەڕێی ئاوابوونی (ڕۆژ)ە، بە ڕای ئێمە (وەفایی ) دەیەوێ ڕۆژ ئاوابێ، چونکە بەرگەی جوانییەکەی نەگرتووە، بۆیە ئەو جوانییە تووشی ماڵ وێرانی وبەهەدەر دانی عومری کردووەو هەر لە چاوەڕوانیدا ماوەتەوە، یاخود دەیەوێ

دووباره زوڵف بێتەوه سەر روخساری یار ورەشی زوڵف شەو بێنێتەوه، تاكو كه دووباره زوڵفی لادا هەست بەو چێژەبكاتەوه، كه له بینینی جوانی كوڵمی رۆژدا هەستی پێكردووه، كەچی ئەو رۆژ هەر ئاوا نەبووه وچێژەكەی ئەویش دووباره نەبووتەوه.

**أ–٥: نرخ وپێگەی زوڵف :**

كۆمەڵێك بەهاو ئەرك له شیعرەكانی وەفاییدا خراونەته پاڵ زوڵف وهەر یەكێك لەو پێگانەی، كه زوڵفی تێدا بەكار خراوه دووباره بوونەتەوه ،ئەو پێگانەی زوڵفیش بریتین له:

-(زوڵف قەید وبەند، ١٤ جار) دووباره بۆتەوه.

–(زوڵف مەدەده وفریاد رەسه، ٣جار) دووباره بۆتەوه.

–(زوڵف تاوان باره، ٢جار) دووباره بۆتەوه.

–(زوڵف رێپیشاندەره، ٢جار) دووباره بۆتەوه.

–(نرخی زولف، ٢جار) دووباره بۆتەوه.

ئەو نموونانەی سەرەوه زۆرن، ئێمه لێرەدا دوو نموونه وەردەگرین، كه تێدا جیاوازییەك له شێوازی دارشتنەكانیاندا بەدی دەكەین وبریتین له :

– گوتی بۆ كوێ دەبەی روحت ((وەفایی)) دەوریان گرتی

نیزامی پەرچەم وسەربازی زوڵف وعەسكەری خاڵم .(د.وەفایی .ل١١٦).

له شیعری كلاسیكیدا خاڵی رووی یار به سەرباز وعەسكەر چوێنراوەوئاساییه، بەڵام بەشدار بوونی پەرچەم وزوڵف وخاڵ له لەشكرێكی هەمه چەشنەدا شێوازێكی نوێیه به تایبەتی له بەرئەوەی ئامانجی ئەم لەشكره رووحی وەفاییه، كه رزگاربوونی نییه، چونكه به سیستەمێكی سەربازی دەورەیی دراوه وپێكهاتووەله پەرچەمی به نیزام وەستاوی یارو وزوڵفی ئامادەی وەكوو سەربازو خاڵی دانه دانەی وەكو عەسكەر، جا ئەگەر وەفایی له قەیدو بەندی پەرچەم نەجاتی بێ تووشی قەیدی زوڵف دەبێ و ئەگەر له زوڵف نەجاتی بێ تووشی دانەی خاڵ دەبێ ، هەروەها وەفایی دەڵێ:

سوچی زوڵف بوو كه پەروانەی دڵم رووی كرده رووت

ئاگری وەسڵی شەم وپەروانه شەو دەكرێتەوه .(د.وەفایی .ل٢٧٦).

ئەم دێرەی وەفایی هەمان كەرەسه كلاسیكییەكانی شیعر تێدا تەرخان كراوه بۆ بونیادی شێوازێكی نوێ(( شێوازیش هەڵبژێردراوی نێرەره، به پێی ئەو توانا زمانی ورۆشنبیرییەی بۆ داهێنان هەیەتی، بەمەش له هەر شوێن وكاتێك لەلای هەر یەك له داهێنەرەكان، جۆرێك له پەیام دروست دەبێت، جیایه لەوەی لەلای یەكێكی دیكه بەرهەمهاتووه))(١٦) ، لەم دەقەدا دڵ "پەروانەیه" ورِوو "شەم" ە ، زوڵفیش ئەو تاریكییەیه كه تێدا شەمی (روو) پەروانەی (دڵ) فریوو دەدات وبەو ئاگره سووتاوه، كه له تاریكی

شەودا كراوەتەوە، جگە لەوەش پێمان دەڵێ :كە شەو هۆكاری بەیەك گەیشتنی شەم وپەروانەیەو لە هەمانكاتدا مردنی پەروانەیە ودابڕانێتی لە ژیان .

أ -٦: شێوازێكی تری دەركەوتنی زوڵف لە دێڕەكانی وەفاییدا :

لای وەفایی شاعیر زوڵف بە چەند شێوەی تریش دەردەكەوێ لەوانە :

(زوڵف وخەت وخاڵ، ١٥جار) دووبارە بۆتەوە.

(شانەو وزوڵف، ٤جار) دووبارە بۆتەوە.

(زوڵف وجادوو، ٤جار) دووبارە بۆتەوە.

(زوڵف ومار، ٧جار) دووبارە بۆتەوە.

(دەست لێدانی زوڵف، ٣جار) دووبارە بۆتەوە.

(یادی زوڵف، ٣جار) دووبارە بۆتەوە.

(زوڵف شوێنە، ٢جار) دووبارە بۆتەوە.

(زوڵف ویار، ٢جار) دووبارە بۆتەوە.

(زوڵف وهەناسە، ٣جار) دووبارە بۆتەوە.

لە گەڵ هەر یەكێك لەم بابەتانەی سەرەوەدا ، زوڵف لە چەند دەركەوتەو وێنەی جیاوازدا دەردەكەوێ، زوڵف لە هەندێك لەو وێنەو دەركەوتانە، لە پەیوەندییەكی دووبارەو ئاساییدا بەكار خراوە، بەڵام لە چەند شوێنێكی تردا زوڵف بەشدار بووە لە دروست كردنی بونیادی شێوازێكی تازە ، نموونەكان زۆرن ئێمە لێرەدا چەند دێڕێك وەردەگرین:

-پەرێشانم ،بڵاوم ، تێك شكاوم ، خاو وشێواوم

دەڵێی شاماری زوڵفی تۆم لە دووی تۆشێت وعەبداڵم .(د.وەفایی .ل١١٣).

زوڵف لە وێنەیەكی ئاساییدا چوێنراوە بە شامار، واتا پەیوەندی نێوان زوڵف ومار لێكچواندنێكی ئاساییە ،بەڵام جوانی ئەم دێڕە لە دووخاڵدایە، یەكەمیان :سەروایی ناوەوەی دێڕەكە، كەوای كردووە دێڕەكە سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێ، دووەم :بەخشینی سیفاتی زوڵفە لە پەرێشانی وتێكشكاوی وخاو وشێواوی بە حاڵی ناجێگیری وەفایی .

هەروەها لە دێڕێكی دیكەدا دەڵێت :

مەششاتە كە شانەی لەسەر زوڵفی سەنەم دا

ئاشفتەگیی حاڵی وەفایی لە قەڵەمدا .(د.وەفایی .ل٢٧).

((لیوسپیتزەر "لادان"ی كردە بناغە وپێوەر بۆ دەستنیشانكردنی تایبەتمەندی شێوازی، كە ئەمە هەروەها دەبێتە هۆیەك بۆ خەملاندنی قوڵی وچڕی شێوازەكان وپلەی سەركەوتنیان ))(١٧) ، لێرەدا وەفایی زوڵفی "سەنەم " بت لە ڕێگای ئاریشگەرەوە شانە

دەکات، مرۆڤ چوێنراوە بە بت وزوڵفیش بە بت بەخشراوە ، ئەمە لادانە لە وێنە ئاساییەکانی پەیوەندی نێوان زوڵف وشانە وئەم وێنەیە نائاساییە، کە بۆتە هۆی جوانی شێوازی دێڕەکە، چونکە کە بیر لەم دێڕە دەکرێتەوە پرسیاری ئەوە درووست دەبێ ئایە ئارایشتگەر کێیە ؟؟ ئەگەر ئاریشتگەر "خودا" بێت "سەنەم" یش جەستەی مرۆڤ، واتا کاتێ خودا زوڵفی ئەو جەستەی رازاندەوە، ئەو جەستەیە وەك سەنەم بێ رووح بوو ، ئەگەر وابێت ئەی وەفایی چۆن ئالوودە بووە بە جەستەیەکی بێ رووح!!!

واتا وەفایی دەیەوێ بڵێ لە پێش بوونی منەوە، قەدەری من ئالوودە بوونە بە داوی "زوڵف"ەوە، هەر لەیەکەم ساتی نەخشاندنی خودا بۆ جەستەی مرۆڤ ، بەڵام ئەگەر "سەنەم" بە واتا فەرهەنگییەکەی وەرگرین ، ئەوە دەبێ ئەو سەنەمە لە چی دروست کرابێ ، (بەرد ، قوڕ ،چیمەنتۆ ، ...هتد) ،ئەو ئارایشتگەرە پەیکەر درووستکەرە ، شانەکەی دەستیشی ئامێرەکەیەتی ،دیارە جوانی نەخشاندنی زوڵفی پەیکەرەکەش دەبێتە هۆی ئاشوفتەگی وەفایی ،واتە لێرەدا شاعیر وەك کەسێکی سەرسام بە هونەر دەرکەوتووە.

### ب – کاریگەری دووبارە بوونەوەی زوڵف لەسەر ئاوازیی شیعر :

لە شیعردا دووبارەکردنەوەی وشە چەند ئەرکێك دەبینێ لەوانە( جەختکردنەوە ، خزمەتکردنی مۆسیقای دەق ،بەخشینی مەدلوولی جیاواز بە وشە دووبارە بووەکە ) لە لای وەفایی وشەی (زوڵف) لە چەند دەرکەوتێکی جیاواز دووبارە دەبێتەوە، وەکو (زوڵف ، زوڵفت ، زوڵفی ، زوڵفان ...هتد) بۆ نموونە لە غەزەلێکی (١١) دێڕیدا (٩) جار وشەی (زوڵف) هاتووە وهەر جارە بە شێوەیەك دەرکەوتووە و ئەرکێکی بینیوە، لە بونیادی واتایی دەقدا ، سەرەڕای ئەوەش جۆرێك لە ڕیتمی دووبارە بوو لەلای وەرگر دروست دەکات وزۆر جار ئەم ڕیتمە لە خزمەتی مۆسیقای دەقەکەدایە ، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ، ئەو مەدلولە جیاوازانە نییە ، کە بە زوڵف بەخشراوە یاخود هۆکاری جەختکردنەوەی (زوڵف) نییە ، بەڵکو بەشدار بوونی یەکەی (زوڵف)ە لە ئاوازی نێو دەق، بێگومان (( ئەرکی ئاواز بە هەموو وێنەو دەربڕینەکانەوە بە نەستەقێکی زاڵ ناو دەبرێت لە دەقدا و ئەبێتە ڕەگەزێکی تەوەرەیی وئەسەرێك لەسەر خوێنەر و وەرگر بە جێدەهێڵێت ))(١٨) دووبارە بوونەوەی یەکەی زوڵفیش ئەو ئەسەرە لەسەر خوێنەرو وەرگر بە جێدەهێڵێت ، وەفایی لە شیعرەکانیدا هەوڵیداوە بایەخ بە مۆسیقای دەق بدات ولە مەش پێدەچێ کاریگەری مەلای جزیری بەسەرەوە بێت ،بۆ نموونە :

مەلای جزیری دەڵێت :

– من دی سەحەر، شاهی مەجەر، لەبسێ دبەر مەخمور بوو
ئەو دیم زەری سووڕ موشتەری ، یاڕەب پەری یا حور بوو.(د.جزیری .ل١٩٠).

وەفایش دەڵێ :

– زوڵفی وەشاند ، ڕوو خۆی نواند ،عەتری وەراند ،پێمی نواند
کەسی نەهێشت ، بانگی دەهێشت ، بۆ کێیە وا وەجهی حەسەن .(د.وەفایی .ل١٦٨).

يان :

– زولف ونوری ، رووی بلوری ،بخووری شەمعی کافوری
خالی سیای ، چاوی شەهلای ، نافەی خەتای ، ئاهووی خوتەن .(د.وەفایی . ل١٦٨).

هونەری کەرت کردن بریتییە لەوەی کە (( هۆنەر بێجگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە لە کاتی هۆنینەوەی هۆنراوەدا سەروادار بەکاردێنێ و ....... لەبەر سەروا دارەکانەوە وا دەردەکەوێ ،کە هۆنراوەك کەرت کەرت کرابێ ))(١٩) ، وەفایی لە رێگای سەروای ناوەوە هەوڵیداوە هاوشێوەی جزیری کەرت کردن بکات ، وەك ئەو نموونانەی سەرەوە ، بەلآم وەفایی لە هەندێك دێڕدا کەرت کردنەکەی ناڕێکە ، یاخود لە ڕیتمەکەی لایداوە وبە تەواوەتی نەیپێکاوە ، بەتایبەت کاتێك کە دەڵێت :

زولفی وەشاند ، ڕوو خۆی نواند ،عەتری وەراند ،پێمی نواند
کەسی نەهێشت ، بانگی دەهێشت ، بۆ کێیە وا وەجهی حەسەن .(د.وەفایی .ل١٦٨).

لە نیوە دێڕی دووەمدا کەرت کردنەکەی تەواو نییە و لە بڕی چوار پارچە سەروا بێت ، سێ پارچەیە، لە شێوازێکی دیکەی بەشدار بوونی زولف لە هونەری کەرتکردندا لەلای وەفایی ئەو دێڕەیە ، کە زولف سەروای ناوەوەی پێك هێناوە و دێڕەکەی کردووە بە دوو بەشەوە

– ئیرەم بوو عەنبەری زولفی ، ئەسیری جەنبەری زولفی
کەراماتی سەری زولفی ، بەهەر تایێ مەسیحایێ .(د.وەفایی .ل٢٨٩).

ئەم دێڕە لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواو نووسراوە و هەردوو تەفعیلەو سەروایی هەیە ، واتا دێڕەکە دابەشی چوار پارچە کراوە ، ئەوەشی پارچەی کردوون یەکەی (زولف)ە ، بڕوانە دەکرێت ئەو دێڕە بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێت :

ئی / رەم /بوو/ عەن / بە / ری / زول / فی
ئە / سی/ ری / جەن / بە / ری / زول / فی
کە / را / ما/ تی / سە / ری / زول / فی
بە/ هەر/ تا / یێ / مە / سی / حا / یێ

بەگشتی لە لای وەفایی زۆرجار بەرچاو دەکەوێ ، کە لە دێڕێکدا دوو جار وشەی زولف دووبارە بۆتەوە ، یاخود لە سێ دێڕدا سێ جار یان لە چوار دێڕدا ، لە هەر دێڕێك جارێك وشەی زولف هاتووە ، یان لە غەزەلێکدا (٨–٩) جار دووبارە بۆتەوە ، هاوکات لە گەل دەنگە پێکهێنەرەکانی وشەی "زولف" یش لە دێڕەکاندا کۆمەڵێك دەنگی لێکچوو ، یاخود هاوبێژ بەکارهاتووە و بەیەکەوە هەموو بەشدار بوونە لە دروستکردنی مۆسیقای ناوەوەی دەق و هەر ئەمەشە زۆر جار بۆتە یارمەتیدەری دەقەکانی وەفایی ، تاکوو ڕەوان

وبەپیتم بن لەسەر گوێی گوێگر ولەبەرچاوی خوێنەر، واتا زوڵف وەکو یەکەیەکی مۆسیقی بەشدار بووە لە پێکهاتەی ئاوازی دەقەکانی "وەفایی" دا .

**-زوڵف وەك دالێکی سۆفییانە:**

زوڵف وەکو یەکەیەکی پێکهێنەر لە نێو شیعری کلاسیکیدا ناکرێ تەنها وەك ئامرازێکی جوانکاری لە نێو وێنە شیعرییەکاندا تەماشا بکرێ، بەڵکو دەبێت مەدلولەکانی زوڵف لە جیهانی تەسەوفدا حسێبی بۆ بکرێ، بەتایبەتی لە لای شاعرێکی وەك وەفایی ، جونکە (وەفایی) ئەگەر وەکو عارفێکیش حسێبی بۆ نەکرێ ، ئەوە نکوڵی لەوە ناکرێ ، کە رێبواری رێگای تەریقەت بووە و موریدی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە ، جاهەر لە بەر شارەزابوونی وەفایی لە ڕەهەندەکانی تەسەوف وهەر وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کە وەفایی کاریگەری جزیری بە سەرەوە بووە ، بۆیە دەبێت یەکەی زوڵف لەلای وەفایی وەکوو دالێکی سۆفیانە تەماشا بکرێت ، لە جیهانی شیعری سۆفیدا زوڵف بە گشتی چوار گوزارشت وماناى هەیە :

((١- فرەیی وتایبەتمەندێتی (تعین ) لە ئاستەکانی بوون (الوجود).

٢- پەردەی روخساری نادیاری یەکتایی (احدیت) و پەردەداری دەرگای جوانی وشکۆی خودایی.

٣- دەرکەوتنی جوانی وشکۆمەندی خودای پەنهانی پەنهانەکان بە شێوەی (لابشرط).

٤-رێگەی نەریتی عاریفانە و گوریسی کەمەندی ڕێنوێنی پەروەردگار)(٢٠).

وەفایش هەوڵیداوە هەندێك لەم مانایانەی زوڵف دەستەبەر بکات لە رێگای پەیوەندییەکانی زوڵفەوە بۆ نموونە وەفایی دەڵێت :

- با حیجابێکم نەمێنێ لادە تاری زوڵفەکان
  تابەکەی دڵ نامورادی وەحدەتە لەو حەسرەتە.(د.وەفایی .ل٢١٠).

وەفایی تامەزرۆی گەیشتنە بە وەحدەت (یەکتایی) کەچی (کەسرەت)ی زۆری زوڵفەکە بۆتە حیجاب پەردەداری نێوان عاشق ومەعشوق و لە ئەنجامدا دڵ نامورادە واتا لێرەدا زۆری زوڵف حیجابی یەکتاییە.

هەروەها دەڵێت :

- سەری دانا لەسەر ڕووی تۆ ، بە شوێنی زوڵفی تۆدا چوو
  "وەفایی" ئاخری خێربێ ، دەمێکە بێ سەرو شوێنە .(د.وەفایی .ل٢٦٣).

زولْف ڕێگای نەریتی عاریفانەو وەفایی ڕێگای زولْفی گرتۆتەبەر لە پێناوی گەیشتن بە (ڕووی ئەو) کە پەروەردگارەو هەر خۆی هیوادارە، کە ئاخیری خێربێت، چونکە ئەو ڕێگەیە ئاسان نییە ودەمێکە لەو ڕێگایەدا بێ سەرو شوێن بووە. زولْف کە ڕێگای سلووکی عاریفانەو زۆر جار ((لەو ڕووەوە کە ناڕاست وخوار وئاڵۆزە، زۆریش بە توندی دڵ دەرفێنێت ، گوزارشت لە ڕێگای پڕ پێچ وهەوراز و ناهەمواری ڕێبواری خوازیاری ڕێگای حەق))ە(٢١) وەفایش بەندی حەڵقەی ئەو داوی زولْفە بووە :

– ئەرێ ئەی زولْفەکەت سەر تاقەدەم هەر حەڵقە و بەندە

چ داوێکە کە هەر داوێکی بەندی سەد خیرمەندە.(د.وەفایی.ل٢١٢).

ئەو داوی زولْفە هۆکاری بەند کردنی سەد خەڵکی عاقڵە ، جا دەبێ خەڵك نەڵێ عاقڵم وبە کەمی بزانێ بەڵکوو دەبێ زۆر وریا بێت لە برینی ئەو ڕێگا سەختەدا .

لە دێڕێکی تردا وەفایی دەڵێ :

– چین چین وتاتا گرێی زولْفی حەریری بکەوە

دین ودڵان مەسکە(مەستە) ڕێی میسك وعبیری بکەوە.(د.وەفایی .ل٢٧٨).

دیارە ((بۆنی خۆشی زولْف لە زنجیرەی ناو وخەسڵەتەکانی خوا "الاسماو والصفات"ە، بەهۆی ئەم بۆنەوە مرۆڤ دەکەوێتە بارێکی تەجەللاوە))(٢٢) ، واتا هەر کاتێك کە ((ئەو بۆنە خۆش وپڕبەرامەیە بە مرۆڤەکان بگەێنێت ،ئەوە هیچ کەس ڕاستی بوونی ئەو ناشارێتەوە))(٢٣) ، وەفایش لەو دێڕەی پێشوودا بۆنی خۆشی زولْفی کردۆتە هۆکاری مەست کردنی دڵەکان، کە مرۆڤ تووشی حاڵەتێکی تایبەتی دەکات .

زۆرجار لە شیعری عیرفانیدا ((خاڵ وەك وەحدەتی سەرەکی دەبینێ وزولْف دەکاتە بەربەست بۆ ئەوەی نهێنی وگەوهەری ئەم وەحدەتە بشارێتەوە))(٢٤) ولای وەفایش بە هەمان شێوە زولْف ڕێگری گەیشتنە بە خاڵی وەحدەت کاتێ کە دەڵێت :

– دڵ کەوتە سەری زولْفی لەبەر جەزبەیی خاڵی

وەحشی سەبەبی دانەیە پابەستەیی دامە .(د.وەفایی .ل٢٦٣).

واتا وەحدەت(کە لە خاڵا بەرجەستە بووە) جەزبی وەفایی کردووە، بەڵام وەفایی کەوتە داوی زولْفی لێرەدا دانەو داوی راوچی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی ، کە شێوازێکی باوی بونیادی شیعری کلاسیکییە.

هەروەها وەفایی دەڵێت :

– غەمی ئەو زولْفە ناهێڵێ دڵم یەك بێ لەگەڵ باڵات

بە ژەنگی کەسرەت، ئەو ئاوێنە وەحدەت دوورە بنوێنێ.(د.وەفایی .ل٣٣٦).

واتا لێرەشدا زۆری زوڵف ناهێڵێ وەفایی لە گەڵ باڵای ڕاست دا کە وەکو ژمارەی یەك وایە ونیشانەی یەکتاییە یەك بگرێ ، چونکە زۆری وەك ژەنگە وئاوێنەی وەحدەتی لێڵ کردووە.

بێگومان نموونەکانی بەکارهێنانی زوڵف لای وەفایی زۆرەو زۆر جار دووبارەش دەبنەوەو زۆربەیان لە چوار چێوەی مانا عیرفانییەکانی زوڵفدا لە بونیادی دەقەکاندا بەشدارن وزۆر جار دەگوترێ کە ((زوڵف چەمکێکی ئاسمانی ئیلاهییە و بەهیچ کلۆجێك نابێ لە گەڵ چەمکە دونیاییەکان تێکەڵ بکرێ وخەسڵەتی ئەوێی بدرێتە پاڵ))(٢٥) ، بەڵام ئێمە لای وەفایی زوڵف تەنها وەك چەمکێکی ئاسمانی باس ناکەین، بەڵکو وەکو ئەندامە شوێنێکی جوانیش لە جەستەی ئافرەت دەخەینە بەر باس وەك لە کۆتا تەوەردا خستوومانەتە ڕوو ، چونکە بەرای ئێمە لای وەفایی هەندێك جار بەکار هێنانی زولف ئەگەر بنەماکەشی عیرفانی بێت ،بەڵام بۆ ئەو مەبەستەش بەکار هاتووە.

## زوڵف وێنەی ئافرەت لای وەفایی :

وێنە ڕەگەزێکی گرنگ وزیندووی نێو دەقی شیعرییە ، بە هۆیە شاعیر مەبەستەکانی خۆی دەگەێنێت ، چ لە کۆن وچ لەسەردەمی ئێستادا ئەرکی سەرەکی ئەدەب بریتییە لە کێشانی وێنە، وێنە بۆ خۆی کورتترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی نووسەر ، ئەمەش پەیوەستە بە گۆشەنیگای شاعیرەوە ، چەند خەیاڵی فروان بێت وئەندێشەی دوور بفڕێت ، ئەوندە داهێنان و دەقی جوانتر دەخاتە بەردەستی وەرگر .

لە بنەڕەتدا زاراوەی وێنە(Image) لە وشەی (Imagination) دوە وەرگیراوە ، کە (( مانای ئەندێشە دەگەێنێت ، واتە هەردوو وشەکە یەك سەرچاوەیان هەیە، هەر بۆیە خەیاڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێکهێنانی وێنەدا ))(٢٦)

کەواتە ئەوەی وێنە دروست دەکات ئەندازەی پەلهاوێشتنی خەیاڵ وبیری نووسەرە ، هەروەها لە پێناسەی وێنەی شیعریدا هاتووە(( هۆکاری جەوهەری وهونەری لە هەردوو مانای لەتی وگشتی دا وێنەیە ))(٢٧) ، واتە وێنەی شیعری :ئەو وشە کورتەیە ، کەهەست وسۆز وخەیاڵێکی فراوانی لە خۆ گرتووە ، لە هەمانکاتدا بنیاتی دەقە شیعرییەکەی لە ڕووی ئیستاتیکاوە ڕاگرتووە،ڕاستتر وێنەیەکە بە وشەی جوان داڕێژراوە، داڕشتنی وێنەی شیعری بە پێی ئەزموون وتوانای شاعیرەکەیە ، چونکە شاعیر چەند دەسەڵاتی بەسەر زماندا بشکێ ،ئەوەندە وێنەی دڵگیر لە نێو وشەکاندا دەنوێنێت .

وێنەی شیعری وەکو ڕەگەزێکی چالاکی شیعر دیوێکی هەڵگری باری دەروونی شاعیرە ، بەتایبەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، چونکە ئەو هەموو وێنە ڕەوانبێژییە سەر سوڕهێنەرە ، مەحاڵە تەنها خەیاڵێکی ڕووت بێت ،هەر دەبێت بارگاوی بێت بە هەست ودەروونی نێرەرەوە ، واتە لێرەدا وێنەی شیعری ڕۆڵی گواستنەوەی ئەزموونی شاعیر بە خەیاڵ دەنوێنێ .

یەکێك لە سەرچاوەکانی درووست بوونی وێنە لە شیعری کلاسیکیدا ، وەسف کردنی ئافرەتە و زوڵفیش وەکو بەشێك لە جەستەی ئافرەت ، بەشێك لەو وەسفەی بەرکەوتووە، جا ئەگەر وەسفەکە لەسەر بنەڕەتی ئەو شێوازە سۆفیگەرییە بێت ، کە دەڕوانێتە زوڵف یاخود باسکردنی زوڵف بێت وەکو یەکەیەکی خاوەن جوانی لە ئافرەتدا ، ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە بەشدار بوونی "زوڵف" نییەلەو وێنانەی ،کە لە دەقە سۆفیزمەکاندا هەیە ، بەڵکوو بەشدار بوونی "زوڵفە" لە جوانی ئافرەتدا .

وەفایی دەڵێت :

– عاشقی زوڵف وروخی سەرسەریارێکم ئەمن
چاوی بیمارە ، گوڵی زارە ،قەدی نارەوەنە .(د.وەفایی .ل٢٨٦).

وەفایی لە رێگای کەڵەکە کردنی چەند وێنەیەکەوە باسی عاشق بوونی خۆیمان بۆ دەکات ، کەڵەکە بوونی وێنە بریتیە لە : (( کۆمەڵە وێنەیەکی تاکی جۆراو جۆر لە تەك یەك کەڵەکە دەبن بۆ ئەوەی بە گشتیان وێنەیەکی لێکدراو بێننە کایەوە))(٢٨).

لێرەدا وێنەی یارێکی سەرشێت کێشراوە، کە (چاوی – نەخۆشە) و( دەمی وەك گوڵە ) و(قەدی وەکو دار بەنە ) و فایی عاشقی جوانی زوڵف وروخساری بووە .

لە دێرێکی تردا دەڵێت :

– دولبەر کە بەخەندە سەری زوڵفان دەهەژێنیٚ
بازاڕی شەکەر ، قیمەتی عەنبەر دەشکێنیٚ
ماندوو بووە ئارەق بە ڕەواندا دەڕژێنیٚ
بەرگی گوڵ ونەسرین بە گولآوی دەڕووشێنیٚ
جانی منە جۆ دەکووتیٚ بیٚ عوزر وبەهانە .(د.وەفایی . ل٣٦٢).

دیمەنی ئافرەتێك لە کاتی ئەنجامدانی کارێکدا لەم پێنج خشتەکییەدا بۆتە هەوێنی وێنەیەکی شیعری ، کە تێدا "زوڵف" لە جووڵەدایە وخودی ئافرەتەکەش ، کە بە دولبەر ناوی دێنێت لە دۆخی جووڵەی کارکردن دایە ، کارەکەشی جۆ کوتانە ،کەلەو سەردەمەدا بەدار کوتانەکە ئەنجام دراوە ، یاخود ئافرەتان زیاتر "جۆنیان" بەکارهێناوەلە جۆ کوتاندا، دیارە لەم کارە ماندوودەبن، بۆیە کە جۆنیەکە دەکوتیٚ "زوڵف " لەگەڵ هەڵگرتن وکوتانی بەردی جۆنیدا دەهەژیٚ و بۆنی عەنبەر وگوڵ بەهۆی زوڵفی دلبەرەوە پەرش وبلآو دەبێتەوەو سەرنجی وەفایی بۆ لای خۆی ڕادەکێشیٚ و جوانی ئەو ئافرەتە لە رێگای جووڵەی زوڵفیەوە سەرنجی شاعیر رادەکێشیٚ.

هەر لە هەمان دەقدا شاعیر دەڵێت :

– چاوی ڕەش وزاری گوڵ وزوڵفی قەجەری بیٚ
ئەو دولبەرە بەو ڕەنگە جوانە ڕەنگە پەری بیٚ .(د.وەفایی ،ل٣٦٣).

پێوەرەکانی جوانی ڕێژەییە، لەلای وەفایی بریتییە لە چاوی ڕەش وزاری سووری وەك گوڵ وزوڵفی ئافرەتی قەجەری ، واتا زوڵف وەکو ئەندامە شوێنێك لە جەستەی ئافرەت بۆتە جێگای سەرنجی شاعیران ، جا جارێك زوڵفی قەجەرییان پێ جوان بووە وجارێك زوڵفی خاو و جارێك لوول ...هتد.

بۆ نموونە :

– نافەی گوڵی بەدەر کەوت عەتری بەدەم سەبادا

باریك ولووس وناسك وەك زوڵفی خاوی بادا .(د.وەفایی .ل٣٦٨).

شاعیر سیفەتی جوانی وباریکی ولووسی وناسکی وبۆن خۆشی گوڵی وەرگرتووە وبەخشیویەتی بە "زوڵف" و لە وێنەیەکدا، کە تیایدا هەستی بۆنکردن وبەرکەوتن واتا دەست کردن بەناسکی و باریکی زوڵف جێگای سەرنجی شاعیر بوونەو لە وێنەیەکی شیعرییدا ئەو جوانی زوڵفە دەرکەوتووە، بەگشتی زوڵف بەشێك بووە لەو جوانییەی کە بە خشراوە بە ئافرەت یاخود هۆکاری دەرخستنی ئەو جوانییە بووە.

## ئەنجام :

١_ دووبارە بوونەوەی ڕێژەی زۆری یەکەی زوڵف لە شیعرەکانی وەفاییدا لە ڕێگای پەیوەندییە جیاوازەکانی زوڵف لە گەڵ یەکە پێکهێنەرەکانی دیکەدا کاریگەری زۆری هەیە لە سەر فرەیی واتاو ریتم ومۆسیقای شیعرەکانی وەفایی .

٢_ کاریگەری شێوازی کلاسیکی شیعری کوردی لەلایەك وەفایی وشارەزابوونی لە تەریقەتەکانی سۆفیگەری لە لایەکی دیکە بوونەتە هۆکاری بەشدار بوونی زوڵف وەك دالێکی سۆفییانە لە شیعرەکانیدا و شاعیر لە چوار چێوەی مانا عیرفانییەکانی زوڵف وێنەی تازەی بۆ زوڵف دروست کردووە.

٣_ زوڵف لای وەفایی ئەگەر بنەمایەکی عرفانیشی هەبێت ،ئەوە بەدەر نییە لەوەی ،کە وەك ئەندامە شوێنێکی جوانی ئافرەت لە وێنە شیعرییەکانی وەفاییدا دەرکەوێ ، بۆیە لە هەندێك وێنەدا زوڵفی جوانی ئافرەت بەشدارە لە درووست بوونی ئیستاتیکای دێڕە شیعرەکە.

## پەراوێزەکان :

*میشێل ریفاتێر :لێکۆڵەرێکی زمانەوانی ورەخنە گرێکی ئەدەبی بونیادگەری ئەمەریکییە، لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وانەی وتووەتەوە، لە بەرهەمەکانی :( الاسلوبیە البنویە ،کەلە ساڵی ١٩٧١بلآویکردۆتەوە) و(صناعە النص ،لە ١٩٧٩بلآوبۆتەوە). بڕوانە :فخری صالح ، من توقعات القاری الی معنی التجربە الجمالیە، لە سایتی :.http:www. Nizwa.com

** جوليا كرستيڤا : رەخنەگرێکی سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی بە ڕەگەز بولگارییە ، کۆمەڵێك بەرهەمی بەنرخی هەیە لە سیمۆلۆژیاو زانستی دەق ،ناوێکی زۆر گرنگە لە پاش بونیادگەرییەوە بواری ئەدەبی تەنیوەو گرنگترین بەرهەمەکانی (زانستی دەق)ە.

***جوانی بایز :بریتییە لەوەی ئەدیب بە ئاشکرا ،یان بە پۆشراوی هۆی زانراوی شتێك پشت گوێ بخات وبێت هۆیەکی ئەدەبی جوان بۆ شتەکە بێنێتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی مەبەستێتی .بڕوانە :ئیدریس عەبدوڵا ،کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی ،ل١٠٣.


١ــ مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس ،هەولێر ، ل٣٦٩.

٢ــ محەمەدی حەمەی باقی، بیرەوەرییەکانی وەفایی(تحفە المریدین )، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی ،سلێمانی ، ٢٠١٠،ل٣٠.

٣ــ محەمەدی حەمەی باقی، بیرەوەرییەکانی وەفایی(تحفە المریدین )، ل٣٢

٤ــ منذر عیاشی ،الاسلوبیە وتحلیل الخطاب ،دار المحبە دمشق ،٢٠٠٩،ص١٥٠.

٥ــ عبدالقادر حمە امین ،بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا ،چاپی یەکەم ، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی ،سلێمانی ،٢٠٠٨،ل١٧٤.

٦ــجولیا کرستیفا،علم النص ، ترجمە :فرید الزاهی ، الگبعە الاولی ، دار توبقال للنشر ،المغرب ، ١٩٩١،ص٨٠.

٧ــ هەژار ،دیوانی مەلای جزیری ، چاپی یەکەم ، سروش،تاران ،١٣٦١،ل١٤٨.

٨ــ مەلا عەبدلکەریمی مودەرس ، دیوانی نالی ، چاپی سێیەم ، انتشارات کردستان ، ١٣٨٣، ل ١٣٠.

٩ــ عبدالقادر حمە امین ، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا ،ل١٧٤.

١٠ــ پیتەر هالبێرك ودانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی وشێواز ناسی ، وەرگێڕانی :ئەنوەر قادر ، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی ، سلێمانی ، ٢٠١٠،ل٩٣.

١١ــ عبدالقادر حمە امین ، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، ل١٥.

١٢ــ پیتەر هالبێرك ودانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی وشێواز ناسی ، ل١٨٠.

١٣ــ ئیدریس عەبدوڵلا ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر ، ٢٠١١،ل٣١٥.

١٤ــ عوسمان دەشتی ،ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر ، ٢٠١٣،ل١٢٠.

١٥ــ سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ــ١٩٩١)،دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل٢٢٢.

١٦ــ ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز وشێوازگەری ، ڕێکخراوی زمانناسی کوردستان ، هەولێر ، ٢٠١٠، ل٤٢.

١٧ــ ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز وشێوازگەری ،ل٣٢.

١٨ــ عبدالقادر حمە امین ، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا،ل١٩٢.

١٩ــ عەزیز گەردی ،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ،بەرگی دووەم ، جوانکاری ، چاپخانەی شارەوانی ، هەولێر ،١٩٧٥،ل٤٠.

٢٠_ حيدر قليزاده ،زوڵف وتعابير عارفانه وعاشقانه ان درشقر فارسی ،نشريه دانشگدەادبيات وعلوم انسانی ،دانشگاه تبريز ،سال٤٧پايز،١٣٨٣،شمارەمسلسل١٩٢ ل١٤٩.

٢١_ شيخ محمدشبستری ،محمدتقی تسكين دوست، شرح گلشن راز ،؟،ل٩٨.

٢٢_هێمن عومەر ئەحمەد ،هيرمۆنتيكای شيعری سۆفيانەی مەحوی ،نامەی دكتۆرا،زانكۆی سلێمانی ،سكولی زمان ،٢٠١٤،ل٢٣٢.

٢٣_شيخ محمدشبستری ،محمدتقی تسكين دوست، شرح گلشن راز ،؟،ل١٠٠.

٢٤_ هێمن عومەر ئەحمەد ،هيرمۆنتيكای شيعری سۆفيانەی مەحوی ،نامەی دكتۆرا،ل٢٣٣.

٢٥_ هێمن عومەر ئەحمەد ،هيرمۆنتيكای شيعری سۆفيانەی مەحوی ،نامەی دكتۆرا،ل٢٣٢.

٢٦_سەعيد محەمەد بەرزنجی ، سەرچاوەی وێنەی شيعر لای شاعيران ، گۆڤاری كەركوكی ئەمڕۆ ،ژمارە (١٨٥)،كەركوك ، ٢٠١١، ل٢٢.

٢٧_ محمد غنيمی هلال ، النقد الادبی الحديث ، دار الپقافه ، بيروت ، ١٩٧٣،ص٤٤٢.

٢٨_ سەردار ئەحمەد گەردی ، بنياتی وێنەی هونەری لە شيعری كورديدا (١٩٧٠_١٩٩١)، ل١٥٢.

### سەرچاوەكان


**سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:**

١_ ئيدريس عەبدوڵلا، شێواز وشێوازگەری ، ڕێكخراوی زماناسی كوردستان ، هەولێر ، ٢٠١٠.

٢_ ئيدريس عەبدوللآ ، لايەنە ڕەوانبێژييەكان لە شيعری كلاسيكی كورديدا ، ئەكاديميای كوردی ، هەولێر ، ٢٠١١.

٣_ _ ئيدريس عەبدوڵلا، كۆ وانەكانی ڕەوانبێژی ، چاپی يەكەم ،چاپخانەی ڕۆژهەلأت ، هەولێر ،٢٠١٣.

٤_ پيتەر هالبێرك ودانەرانی تر ، تيۆری ئەدەبی وشێواز ناسی ، وەرگێڕانی :ئەنوەر قادر ، مەڵبەندی كۆردۆلۆجی ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

٥_ جوليا كرستيفا،علم النص ، ترجمه :فريد الزاهی ، الطبعة الاولی ، دار توبقال للنشر ،المغرب ، ١٩٩١.

٦_ ديوانی وەفايی ، لێكدانەوەی :موحەممەد سەعيد نەجاری ،چاپی دووەم ،انتشارات كردستان ،سنه.

٧_ ديوانی نالی ، مەلا عەبدلكەريمی مودەرس ، ديوانی نالی ، چاپی سێيەم ، انتشارات كردستان ، ١٣٨٣.

٨_ ديوانی مەلای جزيری ، هەژار ، چاپی يەكەم ، سروش،تاران ،١٣٦١.

٩_ سەردار ئەحمەد گەردی ، بنياتی وێنەی هونەری لە شيعری كورديدا (١٩٧٠_١٩٩١)،دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

١٠_ سەعيد محەمەد بەرزنجی ، سەرچاوەی وێنەی شيعر لای شاعيران ، گۆڤاری كەركوكی ئەمڕۆ ،ژمارە (١٨٥)،كەركوك ، ٢٠١١.

١١_ عبدالقادر حمه امين ،بنياتی كارنامەيی لە دەقی نوێی كورديدا ،چاپی يەكەم ، مەڵبەندی كۆردۆلۆجی ،سلێمانی ،٢٠٠٨.

١٢_ عوسمان دەشتی ،ئەزموونی شيعری موكريان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی كورديدا ، هەولێر ، ٢٠١٣.

١٣_ عەزیز گەردی ،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ،بەرگی دووەم ، جوانکاری ، چاپخانەی شارەوانی ، هەولێر ،١٩٧٥.

١٤_ مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس ،هەولێر.

١٥_ محەمەدی حەمەی باقی، بیرەوەرییەکانی وەفایی(تحفه المريدين )، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی ،سلێمانی ، ٢٠١٠.

١٦_ هێمن عومەر ئەحمەد ،هیرمۆنتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ،نامەی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی ،سکولی زمان ،٢٠١٤.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١- محمد غنيمى هلال ، النقد الادبى الحديث ، دار الپقافه ، بيروت ، ١٩٧٣.

٢- منذر عياشى ،الاسلوبيه وتحليل الخطاب ،دار المحبه دمشق ،٢٠٠٩.

٣- فخرى صالح ، من توقعات القارى الى معنى التجربه الجماليه، له سايتى

http:www. Nizwa.com.

سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

١-شيخ محمدشبسترى ،محمدتقى تسكين دوست، شرح گلشن راز .

٢-حيدر قليزاده ،زوڵف وتعابير عارفانه وعاشقانه ان درشقر فارسى ،نشريه دانشگدەادبيات وعلوم انسانى ،دانشگاه تبريز ،سال٧٤پاييز،١٣٨٣،شمارەمسلسل١٩٢

## Research summary

This research paper discussed the theme of fringe in (Wafay's) Kurdish poems, who is one the classical mystical Kurdish poets. In his poems (Wafay) discusses the beauty of fringe as a woman's attractiveness. At the same time fringe has other meanings in his poemsas well. This research is divided into three parts. Part one is dedicated to fringe in thes tructure of (Wafay's) poems. Part two discusses fringe as a symbol of mysticism. Part three of this research is devoted to discussing fringe as a sign of beauty in (Wafay's) poems.In this research, a statistical method is used. The goal of this research is discussing the use and theme of fringe in (Wafay's) poems.